# دەرئەنجامەکان: گەڕی شەش

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: کانوونی دووەم-نیسانی ٢٠٢٣

ئایاری ٢٠٢٣

## ژینگە

بە کۆتاییهاتنی شەڕ و ململانێکان لەگەڵ داعش دا، ئاوارەبوونی درێژخایەن بووە تایبەتمەندی ڕەوش و ژینگەی قۆناغی دوای شەڕ و ململانێیەکان لە عێراق دا. نزیکەی ١,١٦ ملیۆن هاوڵاتی هەر لەئاوارەیی ماونەتەوە، نزیکەی نیوەی ئەو هاوڵاتیانەش پێنج ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا ماڵ و حاڵی خۆیان لە ناوچەکانی زێدیان جێهێشتووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوە، شتێکی زۆر پێویست و بنەڕەتییە کە ئاستی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ئاوارەبوون باشتر بکرێت لە عێراق دا، ئەمەش لەڕێگەی باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەران کە وادەکات ئاوارە ناوخۆییەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە هەنگاو بەرەو گەڕانەوە، یەکخستنی خۆجێی یان نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیکەی تازە بنێن. پێرستی ئاوارەبوون (DI) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو ئاوارانە دروستکراوە. داتای کۆکراوەی گەڕی پێنجەم لەماوەی نێوان کانوونی دووەم تا نیسانی ٢٠٢٣ بوو، لەسەرانسەری ١٨ پارێزگا، ١٠٣ قەزا و ٢,٦٣٨ شوێن لە عێراق دا. لەماوەی ئەم گەڕەدا ٢٤ شوێنی کەمتری دیکەی ئاوارەبوون هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا لەبەرئەوەی کە یان ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان گەڕابوونەوە یان چووبوونە شوێنانێکی دیکەی ئاوارەبوون.

## ڕێباز

ئەم پێرستی ئاوارەبوونە لەسەر بنەمای ٢٢ دیارخەر لەم پێنج بوارەدا دانراوە: ١. کاروکاسبی، ٢. نیشتەجێبوون، ٣. ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان، ٤. سەلامەتی و ئەمنیەت و، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. شیکارکردنی هۆکار بەکارهاتووە بۆ تێڕوانین لە پەیوەندی نێوان ئەم پێنج بوار و دەرخەرانە تا هەم ڕاددەی پەیوەستی دەرخەرەکان بۆ هەریەکێک لە بوارەکان نیشاندەدات، هەمیش گرنگی هەر یەک لەو پێنج بوارە لە کۆی تێکڕای پێرستەکە دەخاتەڕوو. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، ١. کاروکاسبی و ٢. نیشتەجێبوون کاریگەرترین دوو بوارن لەسەر تێکڕای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەو دوو بوارەشی کە دووەم کاریگەرترینن بریتین لە ٣. خزمەتگوزارییەکان و ٤. ئەمنیەت، دوای ئەوانیش ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. خاڵەکانی هەریەک لەو بوارانە و تێکڕای پێرستەکە بۆ سێ گروپ پۆلێنکراوە: نزم/کەم، مامناوەند، زۆر/بەرز بۆ سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێبازی ڕاپۆرتەکە، تکایە بڕوانە کۆتا لاپەڕە.

شێوەی ١: ڕێژەی گەڕاوان بەپێی جۆری سەختی و دژواری

| زۆر سەخت و دژوار | سەخت و دژواری مامناوەند | سەخت و دژواری کەم |
| --- | --- | --- |
| ٪٧ | ٪٢٨ | ٪٦٥ |
| ٦٥,٥٣٨ ئاوارە | ٢٧١,٧٠٤ ئاوارە | ٦٣٥,٩١٠ ئاوارە |
| ١٢٣ شوێن | ٥١٦ شوێن | ١,٩٩٩ شوێن |

**٩٧٣,١٥٢ ئاوارە**

| خێزان | پارێزگا | قەزا | شوێن |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٦٢,١٩٢ | ١٨ | ١٠٣ | ٢,٦٣٨ |


شێوەی ٢: دیارخەر و بوارەکانی پێرستی ئاوارەبوون




## تێکڕای سەختی و دژواری

- لەو ٢,٦٣٨ شوێنەی کە لە گەڕی شەشەم دا هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا، لە ١٢٣ شوێن دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەخت و دژوار بوو. ئەو شوێنانەش لە ٪٧ی ئاوارەکانیان لە خۆگرتبوو، کە ١٥,٥٣٨ کەس بوون. ٥١٦ شوێنی دیکەش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە مامناوەند پۆلێنکران کە لە٪٢٨ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٢٧١,٧٠٤) و ١,٩٩٩ شوێنیش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە نزم پۆلێنکران کە لە ٪٦٥ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٦٣٥,٩١٠ کەس).
- لەوەتەی گەڕی پێشووەوە، لە ترشینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، ڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان ڕووی لە زیادی کرد بە (١١,٧١٢ کەس) ئەمەش لە کاتێکدا کە لە سەدای ٥ی ئاوارەکان لە دۆخی ژیان و گوزەرانی سەختدا بوون (٥٣,٨٢٦ کەس).
- پارێزگاکانی سەڵاحەددین، ئەنبار و نەینەوا زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانەیان لەخۆگرتبوو کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەختە کە بۆ هەر یەکەیان ٢٣,١٩٦، ١٧,٤٣٦ و ١١,١٦٠ کەس بوو بەدوایەکدا.

شێوەی ٣: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێی سەختی و دژواری بۆ هەر گەڕێک




نەخشەی ١: شوێنی ئاوارەکان بەپێی جۆر و ئاستی سەختی و دژواری



لەنێوان گەڕی شەشەم لە (کانوونی یەکەم تا نیسانی ٢٠٢٣) و گەڕی پێنجەم لە (تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢) گەورەترین زیادبوون لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە دۆخی سەخت و دژواری ژیان و گوزەران دان لە پارێزگای سەڵاحەددین تۆمارکرا بە (٦,٩٤٨ کە)، ئینجا لەپارێزگای دیالە بە (٤,٤٤٠ کەس).


ئەم زیادبوونەی پارێزگای سەڵاحەددینیش بەشێوەیەکی بەرچاو لە قەزاکانی تکریت و سامەڕا بەدیکرا. سەرەڕای هەندێک بەرەوپێشچوون لە ئاستی دابینکردنی ئاو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە و زیادبوونی کاژێرەکانی پێدانی کارەبا لە شوو و ڕۆژێک دا لە ناحیە عەلەم، خراپتربوونی بواری کاروکاسبی زیاتر کاریگەری هەبووە لە بەرەوپێشچوونەکان. بەهۆی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لەبەرانبەر دیناری عێراقی، ژمارەیەکی زۆر خێزانەکان بێکاربوون و سەرچاوەی پێویستیان بۆ خۆراک دابینکردن نییە. سەرەڕای ئەوەش، دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان هێشتان هەر سنووردارە و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی ناحیەی عەلەم دەستیان بەو خزمەتگوزارییە یاساییانە ناگات.

زیادبوونی پارێزگای دیالەش لە ناوەندی بەعقوبە تۆمارکرا لە قەزای بەعقوبەدا کە هۆکاری و پاڵنەری ئەم زیادبوونەش بەهۆی خراپتربوونی پێدانی کارەبایە کە کێشە و گرفتەکانی پەیوەستن بە گەیاندنی تۆڕەکانی کارەبا و پێدانی چەند کاژێرێکی کەمی کارەبا لە شەو و ڕۆژێکدا. هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی، ژمارەیەکی زیاتری خێزانەکان ڕووبەڕووی مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراک بوونەوە. نوێنەرایەتیکردنی سیاسیش تا ئێستا هەر کێشەیە لە بەقعوبەدا. ئەم کێشەیەش پەیوەستە بەو ئاوارانەی کە کەس نییە نوێنەرایەتیان بکات و دەنگیان بگەیێنێت و هەستدەکەن کە ناتوانن دەستیان بە هیچ هاوکاری و پاڵپشتییەکی دەسەڵاتداران بگات.

خشتەی١: ژمارەی ئاوارەکان و شوێنەکان لە هەر پارێزگایەک بەپێی جۆر و ئاستی سەختی دژواری دۆخی ژیان و گوزەران

| | بەرز | | مامناوەند | | نزم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان |
| ئەنبار | ١٧,٤٣٦ | ٢٧ | ١٠,٣١٤ | ٣٣ | ٧,٥٦٦ | ٦٠ | ٣٥,٣١٦ | ١٢٠ |
| بابل | | | ٤٩٢ | ٢ | ١٥,٧٠٨ | ٨٣ | ١٦,٢٠٠ | ٨٥ |
| بەغدا | ٨,١٩٦ | ١٠ | ٤,٨٠٠ | ٣٣ | ١٣,٤١٦ | ٣٥٩ | ٢٦,٤١٢ | ٤٠٢ |
| بەسرە | ١٠٢ | ٤ | ٤٤٤ | ٢٤ | ٤,٤٧٦ | ١٥٣ | ٥,٠٢٢ | ١٨١ |
| دهۆک | | | ٢١,٦٤٢ | ٣ | ١١٥,٣١٤ | ١٥٤ | ١٣٦,٩٥٦ | ١٥٧ |
| دیالە | ٤,٤٥٨ | ٦ | ١٤,٩٦٤ | ٥٩ | ٢٤,٦٤٨ | ١٢١ | ٤٤,٠٧٠ | ١٨٦ |
| هەولێر | ٨٤ | ١ | ٤٣,٧٤٦ | ١٤ | ١٧٤,١٩٨ | ١٤٢ | ٢١٨,٠٢٨ | ١٥٧ |
| کەربەلا | | | ٤,٩٩٢ | ١٥ | ٥,٣٧٠ | ٦٩ | ١٠,٣٦٢ | ٨٤ |
| کەرکووک | ٣٤٨ | ٢ | ٤٣,٨٠٦ | ١٩ | ٤٨,٥٦٤ | ٥٩ | ٩٢,٧١٨ | ٨٠ |
| میسان | | | | | ١,٣٦٨ | ٦٥ | ١,٣٦٨ | ٦٥ |
| موسەننا | ٤٨ | ٣ | ٣٠ | ٤ | ٦٩٠ | ٤٠ | ٧٦٨ | ٤٧ |
| نەجەف | ٥١٠ | ١ | ٧,٠٤٤ | ٤٦ | | | ٧,٥٥٤ | ٤٧ |
| نەینەوا | ١١,١٦٠ | ٢٠ | ٦٦,٥٨٨ | ٩٠ | ١١٨,٥٩٠ | ١٧٢ | ١٩٦,٣٣٨ | ٢٨٢ |
| قادسیە | | | ١,٩٠٢ | ٣٧ | ٦٤٨ | ١٥ | ٢,٥٥٠ | ٥٢ |
| سەڵاحەددین | ٢٣,١٩٦ | ٤٩ | ٢١,٧٦٢ | ٤٣ | ٣,٩٧٢ | ٢٣ | ٤٨,٩٣٠ | ١١٥ |
| سلێمانی | | | ٢٨,٧٢٢ | ٩٢ | ٩٤,٨٩٠ | ٣٤١ | ١٢٣,٦١٢ | ٤٣٣ |
| زیقاڕ | | | | | ٢,٦٨٢ | ٦٩ | ٢,٦٨٢ | ٦٩ |
| واست | | | ٤٥٦ | ٢ | ٣,٨١٠ | ٧٤ | ٤,٢٦٦ | ٧٦ |
| **کۆی گشتی** | **٦٥,٥٣٨** | **١٢٣** | **٢٧١,٧٠٤** | **٥١٦** | **٦٣٥,٩١٠** | **١,٩٩٩** | **٩٧٣,١٥٢** | **٢,٦٣٨** |

شێوەی ٤: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێی جۆر و ئاستی سەختی و دژواری گوزەرانیان لە هەر پارێزگایەکی ئاوارە بوون دا بەگوێرەی گەڕەکان



## شوێنە گەرمەکان

ناحیەکان/شارەدێیەکان بە شوێنی گەرم پۆلێندەکرێن ئەگەر کۆی تێکرای خاڵەکانی ئاستی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران بەرز بێ و بەلایەنی کەمەوە ١٠٠٠ ئاوارە تیایدا نیشتەجێ بێ. لەم گەڕەدا، لیستی شوێنە گەرمەکان ئەو ناحیانە دەگرێتەوە کە تێکڕای دۆخی سەختی دۆخی ژیان و گوزەران لە ئاستی مامناوەند دایە و بەلایەنی کەمەوە لە بوراێکیش لە ئاستی بەرز دایە. لەڕێگەی جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێبازی ڕاپۆرتەکە، چەند شوێنێکی زیاتر وەک شوێنی گەرم دەستنیشانکران.

لەسەرانسەری پێنج پارێزگادا، ١٤ شوێنی گەرم دەستنیشانکران و سێ سەرەکیترین شوێنیش لەسەر بنەمای هەبوونی بەرزترین ژمارەی ئاوارە بوو کە بریتین لە مەرکەزی شنگال لە پارێزگای نەینەوا، مەرکەزی توز خورماتوو لە پارێزگای سەڵاحەددین و قەزای عامریە لە پارێزگای ئەنبار

خشتەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری لە گەڕی ٤ دا

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاوارەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | فەللوجە | عامریە | ٢٠ | ١٥,٢٢٨ |
| ئەنبار | فەللوجە | مەرکەزی فەللوجە | ٦ | ١,٧٤٦ |
| بەغدا | ئەبوغرێب | مەرکەزی ئەبوغرێب | ١٩ | ٣,٥٧٠ |
| بەغدا | محمودیە | لە تیفییە | ١٠ | ٦,٦٢٤ |
| نەجەف | کوفە | مەرکەزی کوفە | ١٦ | ١,٥٢٤ |
| نەجەف | نەجەف | ئەل حەیدەرییە | ٧ | ٢,٢٥٦ |
| نەجەف | نەجەف | مەرکەزی نەجەف | ٢٠ | ٢,٨٦٨ |
| نەینەوا | بەعاج | ناوەندی بەعاج | ٩ | ٧,٤٨٢ |
| نەینەوا | موسڵ | قەیارە | ١٣ | ٢,٩٨٨ |
| نەینەوا | شنگال | ناوەندی شنگال | ١٥ | ١٨,٥٤٦ |
| سەڵاحەددین | سامەڕا | مەرکەزی سامەڕا (تازەیە) | ٢٤ | ١٤,٨٨٦ |
| سەڵاحەددین | تکریت | عەلەم (تازەیە) | ١٠ | ٢,٩٠٤ |
| سەڵاحەددین | تکریت | مەرکەزی تکریت (تازەیە) | ٢٤ | ٩,١٦٨ |
| سەڵاحەددین | تورخورماتوو | مەرکەزی تورخورماتوو | ١٣ | ١٥,٦٣٦ |


**مەرکەزی شنگال** ١٨,٥٤٦ هاوڵاتی لێ نیشتەجێیە و دابەشبوونەتە سەر ١٥ شوێن. گرنگترین بواریش ئەمنیەت و سەلامەتییە کە لە هەموو شوێنەکان نیگەرانی ئاواران لەمبارەیەوە لە ئاستێکی بەرز دابوو، ئەمەش لەبەر توندوتیژیانەی کە بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکانەوە. سەرەڕای ئەمەش، هاوڵاتیان نیگەرانییەکی زۆریان لە مەترسی تۆڵە لێکردنەوە، هێرشی داعش، هەبوونی هێزە ئەمنییەکانی (وەک حەشدی شەعبی و گروپی و هێزو لایەنی ئەمنی بەدەر لە سوپای عێراق و پۆلیسی خۆجێی و پۆلیسی فیدراڵی).

**مەرکەزی توزخورماتوو** ١٥,٦٣٦ هاوڵاتی لێ نیشتەجێیە. لەکۆی ئەو ١٣ شوێنەی کە لەو قەزایەدا هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، گرنگترین بواریش کاروکاسبی بوو لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر خێزانە ئاوارەکان سەرچاوەی پێویستیان بۆ خواردن و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دیکە نییە، ناتوانن کرێی شوێنەکانیان بدەن و پشت بە یارمەتی و هاوکارییەکان دەبەستن. سەختی و دژواری دۆخەکەش پەیوەست بوو بە کێشە و گرفتەکانی خزمەتگوزارییەکان، لەوانەش ئەمنیەت و گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. هەروەها کێشە خراپی کارەبا، هەبوونی هێزی ئەمنی، مەترشی هێرشی داعش، سنووداری لە هاموشۆکردن، هەروەها لێرە و لەوێش باسی چەند حاڵەتێکی جیاوازیکردن و نایەکسانیان دەکرد لەڕووی نوێنەرایەتیکردنی سیاسیەوە بەرانبەر بە ئاوارەکان دەکرێت.

**عامریە** ١٥,٢٢٨ هاوڵاتی لێ نیشتەجێیە و دابەشبوونەتە سەر ٢٠ شوێن. گرینگترین بواریش کاروکاسبی بوو، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکان سەرچاوەی پێویستیان بۆ خواردن نییە، پشت بە یارمەتی و هاوکارییەکان دەبەستن. دوای ئەوەش، بوارەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان بوو، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەکان خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونیان زۆر خراپ بوو و لە ناوچە پەراوێزخراو و دوورە دەستەکانبوون و بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێک ئاو و کارەبایان نەبوو، هاوڵاتیەکانیشی دەستیان بە چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییە یاساییەکان نەدەگەیشت.

**سێ شوێنێ تازەی دیکە** بۆ لیستەکە لە پارێزگای سەڵاحەددین زیادکران، کە مەرکەزی سامەڕا لە قەزای سامەڕا، **مەرکەزی تکریت و عەلەم** بوون لە قەزای تکریت. ئەمەش بەهۆی تێکچوون و خراپتربوونی بواری کاروکاسبی کە لەبەر بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار لە بەرانبەر دینار، لە دەرئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خێزانەکان کار و پیشەکانیان لە دەست دا و سەرچاوەی پێویستی خۆراکیان نەما. سەرباری خراپتربوونی دۆخی کار و کاسبی بژێوی ژیان، لە هەر پێنج ئاوارەیەک، دووانیان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپدان لە **مەرکەزی سامەڕا** (١٤,٨٨٦ کەس لە ٢٤ شوێن دا) کە زانیاریدەرە سەرەکییەکان باسی ئەوەیانکرد جوڵە و هاتووچۆکردنیش کاریکردۆتە سەر ژیانی ڕۆژانە. بەهەمان شێوەش لە **مەرکەزی تکریت** (٩,١٦٨ کەس لە ٢٤ شوێن دا)، لە هەر پێنج ئاوارەیەک، دووانیان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپدان. سێیەم شوێنی گەرمی تازە زیادکراویش **عەلەم** بوو (٢,٩٠٤ کەس لە ١٠ شوێن) کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان لەڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان و جوڵە و هاتووچۆکردن خراپبوو.

نەخشەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری




**ژمارەی ئاوارەکان لە شوێنە گەرمەکان**

- ١,٥٢٤
- ٦,٤٥٦ - ١,٥٢٥
- ١٨,٥٤١ - ٦,٤٥٧

ئەستۆپاکی: ئەم نەخشەیە تەنیا بۆ مەبەستی نیشاندانە. نا و سنوورەکانی سەر ئەم نەخشەیە مانای بەفەرمی پەسندکردن نییە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)ەوە.

## ڕێباز

پێرستی ئاوارەبوون ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان دروستکراوە. کۆکردنەوەی داتا بۆ پێرستی ئاوارەبوون لە هەر ١٨ پارێزگا، نزیکەی ١٠٠ قەزا و ٢٧٠٠ شوێنی ئاوارەبوونە لە عێراق دا. یەکەی شیکارکردن شوێنە کە دەکرێت ئەو شوێنە شارۆچکەیەک، گوندێک یان گەڕەکێکی شار بێت. کۆکردنەوەی داتاش لەڕێگەی تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) یە کە لە زیاتر لە ٧٣ کارمەند پێکهاتووە لەسەرانسەری عێراق دا (لە٢٠٪ یشیان ئافرەتن). تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لەڕێگەی ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان داتایەکان کۆدەکەنەوە، ئەم زانیاریدەرە سەرکیانەش بریتین لە تۆڕێکی دامەزراو و گەورەی زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی کە زیاتر لە (٥٪ ئافرەتن)، لە نێویشیان دا نوێنەر و سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختارەکان، دەسەڵاتدارانی خۆجێی و هێزە ئەمنییەکان هەن.

داتای پێرستی ئاوارەبوون لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەکانی هەر شوێنێک کۆدەکرێتەوە. ئەم ڕێبازەش سوودەکەی ئەوەیە کە وادەکات لەماوەی کاتێکی کەم دا ڕووماڵێکی بەرفراوان بکەی، ئەمەش تەنیا لەڕێگەی پشتبەستن بە چەند کەسێکی کەم بیروبۆچوونەکانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە دەگەیێنن، لەوانەیە ئەمەش نوێنەرایەتیکردنێکی سنووردار بێ بۆ ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە تایبەمەندی خۆیان هەیە. ناباوی و شازییەکانی ناو داتایەکانیش بەهۆی بەهەڵە لێکدانەوەیە بۆ پرسیارەکانی زانیاریدەری سەرەکی، یان ناتەوای و ناسازییەکانیش بەهۆی بێ لایەن نەبوونە بۆ ڕوانین لە دۆخەکە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە بواری گرتنەخۆی کۆمەڵایەتییەوە.

پێرستی ئاوارەبوون (DI) لەسەر بنەمای ٢٢ دیار خەرو پێنج بوارە: ١. کاروکاسبی، ٢. خانوو و نیشتەجێبوون، ٣. خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان، ٤. سەلامەت و ئەمنیەت، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. دەرخەرەکانیش لەسەر بنەمای پشکدارە هاوبەشەکان، شیکارییە ئامارییە وەسفی و ڕوونکەرەوەییەکانی هەڵبژێردران لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵەی داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، لەنێویشیان دا هەڵسەنگاندنەکانی شوێنی یەکخراو، لیستە سەرەکییەکان و گەڕە سەرەتا و تاقیکارییەکانی کۆکردنەوەی داتا. شیکاری پشت بەهۆکار بەستووی دووپاتکراوە بەکارهێنراوە بۆ سەرنجدانی پەیوەندی نێوان ئەو دیارخەرانە لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ بوارەکان، بۆ ووردبوونەوە لە پەیوەستبوونی هەریەکێک لەو دەرخەرانە بە بوارێکی دیاریکراوە و بە گرنگی هەر یەکێک لە بوارەکان لە تێکڕای کۆی پێرستەکە. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، ١. کاروکاسبی و ٢. نیشتەجێبوون کاریگەرترین دوو بوارن لەسەر تێکڕای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەو دوو بوارەشی کە دووەم کاریگەرترینن برتینی لە ٣. خزمەتگوزارییەکان و ٤. ئەمنیەت، دوای ئەوانیش ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی.

لە دوای گەڕی یەکەمی پێرستی گەڕانەوە، کە داتاکەی لەنێوان ئادار بۆ نیسانی ٢٠٢١ کۆکرابووەوە، چەند گۆڕانکارییەک لە ڕێبازی ڕاپۆرتەکە کراوە بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی کوالێتی تێکڕای پێرستەکە. بۆیە، دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتی گەڕی یەکەم هاوتای ڕاپۆرتەکانی گەڕەکانی دواتر نین و بەوان بەراورد ناکرێت.

لە گەڕی پێنجەمەوە دەستپێدەکات (لە تشرینی یەکەم تا کانوونی یەکەم-ی ٢٠٢٢)، چەند گونجاندنێک لە گرینگی و بەهادانان بۆ بوارەکان و دیارخەرەکان کراوە لەسەر ئاستی ناحیەدا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی سەختی و دژواری شوێنەکە و بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە تیایدا نیشتەجێن. سەرەڕای ئەمە، لیستی شوێنە گەرمەکان ئەو ناحیانەش دەگرێتەوە کە تێکڕای ئاستی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان مامناوەندە و بەلایەنی کەمەوە سەختی دۆخی ژیان گوزەرانیان لە یەکێک لە بوارەکان لە ئاستێکی بەرزە.

بۆ زانیاری زیاتر لە تێکرای ڕێبازەکە، دیارخەرەکان، مۆدێلە ئامارییەکە و هەژمارکردنی خاڵەکان، تکایە بڕوانە (خستنەڕووێکی گشتی ڕێباز) لەسەر وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون DTM .

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کـۆچ – عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq

### ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەڕوو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربرینی هیچ بیروبۆچوونێک ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی : iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی: iraqdtm@iom.int

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی کۆچ، پەنابەران و دانیشتووانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (PRM) دەکات بۆ پاڵپشتییە بەردەوامەکانی.

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کـۆچ (IOM) ٢٠٢٣

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.